**کەژان ئەسەدی یەکێکە لەو کچە ئەکتەرانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی کاری نواندنە و تا ئێستا بەشداری لە چەندین کاری هونەری جیاجیادا کردووە، دوایین کاریشی لە هەرێم بەشداریکردنە لە فیلمی (هەنسکی ئاسمان)ـە کە لە دەرهێنانی شەهرام قادر و بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەتە، بۆ باسکردنی دوایین کاری و چەند پرسێکی هونەری ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازکرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** زۆر جار باس لە جورئەت دەکرێ، وەك کچە ئەکتەرێك جورئەت لە نواندندا لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

-جورئەت ئەوەیە پەیامێك کە هەڵگری راستییەکانە وەك خۆی بگوازیتەوە، هونەر خۆی لە خۆیدا هەڵگری راستییەکانە، کەواتە بۆ گەیاندنی راستییەکانی هونەر جورئەت پێویستە.

**• تۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی و لە باشووری کوردستان کاری هونەریت کردووە، چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان کاری هونەری لە هەردوولا؟**

-رۆژهەڵاتی و باشووری یەك نەتەوەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەم تا زۆر جیاوازی هەیە لە وردەکارییەکان و جیهان بینی تاکەکان لەم دوو پارچەیە، لە رۆژهەڵات هونەر خاوەن مێژوویەکی کۆن نییە هەر ئەوەش وایکردووە تا ئێستاش کۆمەڵگا بە گشتی روانگەیەکی دیاریکراوی نەبێت بۆ هونەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جموجۆڵی هونەری باشی تێدا دەبینرێت، بەڵام ئازادییەکی زۆرتر بۆ ئافرەت هەیە لە باشوور ئەمەش وایکردووە زۆر لە کچانی رۆژهەڵات لێرە کاری هونەری ئەنجام بدەن

*** بۆچی کە باس لە کچە ئەکتەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ باس لە جورئەت** و وروژاندن دەکرێ؟

- هیوادارم وا بێت کە باس لە جورئەت دەکرێت لە بارەی کچانی رۆژهەڵات، وروژاندنیش لە پێناو پەیامی هونەر



## کەژان ئەسەدی:

# هونەر هەڵگری ڕاستییەکانە و گەیاندنی ئەم ڕاستییەش جورئەتی پێویستە

بێت باشە بەپێچەوانەوە وروژاندنی بێ پەیام هیچ سوودێکی نییە.

*** هونەرمەندانی باشوور وەکو پێویست توانیویانە سوود لەو ئازادییە وەربگرن کە هەیانە؟**

- هیوادارم وەریانگرتبێت، هونەر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئازادییەوە هەیە. بەڵام کاتی پێویستە تا لەم بەشە مێژوویەک دروست بێت جا ئەو کات ئەم مێژووە و ئەم ئازادییەی کە هەیە تەواوکەری یەکتر دەبن بۆ بەدی هێنانی پەیامەکانی هونەر.

*** سینەما یان شانۆ کامیان لە کەژان نزیکترن؟**

-من چالاکی هونەری خۆم بە شانۆ دەست پێکردوە و تا ئێستاش بەردە وامم لە شانۆ لە هەمانکاتتدا لە سینەماش ڕۆڵی خۆم دەبینم و مەبەستمە لەم بوارە دا سەرکەوتن بەدەست بێنم. کەواتە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن لای من.

*** وەك دەزانین کاری هونەری هونەر عەشق و ئارەزووە، ئایا مەرجە هەموو ئەکتەرێك دەرچووی کۆلێژ یان پەیمانگا بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە کارەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەکادیمی بوون لە هەر کارێکدا گرینگە بەڵام زۆر جاریش ئەزموون ڕۆڵی خۆی دەبینێت و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت. چونکە ئەویش لەسەر ئەساسی ئەزموون پێکهاتووە.

*** هەندێك کچە ئەکتەر ئامادەن هەر ڕۆڵێك ئەنجام بدەن لە پێناو هونەر و سەرکەوتنی هونەر، لەم بارەیەوە تۆ چی دەڵێی و تا چەند ئامادەی قوربانی بدەی لە پێناو هونەردا؟**

- ئەگەر لە پێناو هونەر بێت ئەوە شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەگەر بۆ خۆ دەرخستن بێت یان وا بزاندرێت بە قبوڵ کردنی هەر ڕۆڵێک ئەوە سەرنجی بینەر یاخود هەر کەسێکی تر رابکێشێت بە دڵنیا ییەوە پێچەوانەکەی لێ دەکەوێتەوە و ئەم کەسە لە گۆڕەپانی هونەر زوو یاخود درەنگ دوور دەکەوێتەوە.

*** چۆن وەسفی ڕۆڵی خۆت دەکەی لە (هەنسکی ئاسمان) و هەڵبژاردنت بۆ ئەم ڕۆڵە چۆن بوو؟**

- هەنسکی ئاسمان ئەزموونێکی باش بوو هەم بۆ من و هەم بۆ هاوکارانیشم. بە هۆی بۆ بەرفراوانیی چیرۆک و دەرهێنانی ئەم فیلمە کە کاتێکی زۆرمان پێویست بوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە و گەیشتن بە ئامانج. لە هەمانکاتدا بۆ یەکەمجار پێش ئەوەی وێنەگرتن دە ست پێبکات بۆ ماوەی دوو مانگ کار و پرۆڤەمان لەسەر ڕۆڵەکان کرد .

شەهرام قادر داوای لە من کرد کە لەم فیلمە بەشدار بم و منیش بەپێی ئەوەی کە زانیاریم هە بوو لە بارەی فیلمەکانی پێشووی شەهرام پەسە ندم کرد و دڵنیا بووم فیلمەکە سەنگین دەبێت لە هەموو بوارێکدا.

ڕوڵی من لە م فیلمەدا سەرەکییە و ماندوو بوونێکی زۆرم پێیوە بینیوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان حەساس بوونی شەهرام وەک دەرهێنەر لەسەر ڕۆڵەکان کە وای دەکرد زیاتر لە جاران هەوڵ بدەم بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە دەرهێنەر مەبەستیەتی. دووەمیش من بێجگە لە ڕۆڵ بینین، لەم پرۆژە یەدا ئیشی دیزاینی جلوبەرگ و دیزاینی لۆکەیشنیشم پێ سپێردرابوو. هیوادارم توانیبێتم ئەرکی خۆم بەجێ گەیاندبێت، چونکە ئەم فیلمە بۆ من زۆر خۆشەویستە و فیلمێکی مێژووییە، من هەم وەک کە ژان و هەمیش وە ک ژنێک خۆم لە زۆربەی هەرەزۆری چیرۆکی فیلمەکەدا دەدۆزیەوە و هەستم بە نزیکی لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکرد.

**من هەم وەک کە ژان و هەمیش وە ک ژنێک خۆم لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکی فیلمی (هەنسکی ئاسمان)دا دەدۆزیەوە و هەستم بە نزیکی لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکرد**

**وروژاندنیش لە پێناو پەیامی هونەر بێت باشە بەپێچەوانەوە وروژاندنی بێ پەیام هیچ سوودێکی نییە**



# جاكلین حەزی لە رۆڵی شەڕانگێزە

زۆر لە ئەستێرە سینەماییەكان لە مێژووی بۆڵیۆد بەوە ناسراون كە هەمیشە رۆڵی كەسانی شەڕانگێز دەبینن، ئەمەش وای لێهاتووە هەندێك لەو ئەكتەرانە جۆرێك لە تێكەڵاوی لە نێوان كەسایەتیی راستەقینەی خۆیان و ئەو رۆلانەی كە دەیانبینن تەنانەت زۆر جار بە ناوی كەسایەتییەكانیان بانگ دەكرێن.

سەرەڕای ئەو تێكەڵاوییەش خانمە ئەكتەری بۆڵیۆد جاكلین فرناندێز رایگەیاند كە زۆر حەز لەو جۆرە رۆڵانە دەكات و لەم بارەیەوە وتی: من تامەزۆری بینینی رۆڵی شەڕانگێزم و زۆریش حەز دەكەم دەرهێنەران رۆڵی كەسێكی شەڕانگێز و خەراپەكارم پێشكەشم بكەن، چونكە دڵنیام بەو رۆڵانە جەماوەر هەمیشە دەمناسنەوە.

جاكلینی تەمەنی ٣١ساڵ زیاتر لەم بارەیەوە وتی: تا ئێستا چەندین رۆڵم بینیوە كە زۆریان تا رادەیەكی زۆر هاوشێوەن، بۆیە هەست دەكەم ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە گۆڕانكارییەك لەو رۆڵانەدا ببینم، شایەنی وتنە جاكلین كە بە رەچەڵەك سریلانكییە ماوەی نۆ ساڵە هاتۆتە نێو بواری نواندن.

## یارا:
# کەس ڕقی لە من نییە و هەموو منیان خۆش دەوێ



یارا یەکێکە لە هونەرمەندە سەرکەوتووەکانی لوبنان و جگە لە شێوەزاری لوبنانی بە مەغریبی و میسری و شێوەزاری کەنداویش گۆرانی دەڵێ و بەوە ناسراوە زۆر بەشداری لە فیستیڤاڵە هونەرییەکانی مەغریب و تونس و میسردا دەکات، بەڵام بەشداری کردنی لە لوبنان کەمترە بەجۆرێك وای لێهاتووە هەندێك کەس دەڵێن لە وڵاتی خۆی دژایەتی دەکرێت.

لە وەڵامی ئەم تۆمەتەدا یارا دەڵێ: باوەڕ ناکەم لە وڵاتی خۆم کەس دژایەتیم بکات بە پێچەوانەوە منیان زۆر خۆش دەوێت، بەلام من خۆم زۆر لە فیستیڤاڵەکانی لوبناندا نادۆزمەوە و خۆشم نازانم هۆکارەکەی چییە.

دەربارەی پێوەرەکانی بۆ هەڵبژاردنی گۆرانییەکانی یارا دەڵێ: من زۆر گرنگی بە تێکست و ماناکانی تێکستەکە دەدەم و جوانی ئاوازەکەش گرنگە، بۆیە هەر کاتێك زانیم گۆرانییەك کاریگەری لە هەست ویژدانم کرد پێی رازی دەبم و یەکسەر تۆماری دەکەم، هەروەها پێموایە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی بریتییە لە تۆمار کردنی کلیپی گۆرانییەکە و بڵاوبوونەوەی لە رووی جەماوەرییەوە، هەرچەندە ئێستا (دیجیتاڵ) باڵی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە و هەموو کەسێك دەتوانێت لە مۆبایلەکەیەوە کلیپەکان ببینێت.

# لۆهان لە ڕۆمانسییەتەوە بۆ لێدان

بەر لە ماوەیەك خانمە ئەکتەری ئەمریکی لیندسی لۆهان بە یاوەری گریگۆری تاراباسۆڤی دەستگیرانی روویان دوورگەی میکۆنۆسی یۆنانی کرد بە ئامانجی بەسەر بردنی چەند ساتێکی خۆش بەبۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی لۆهانەوە، بەڵام لە جیاتی خۆشی ساتەکانی بوون بە شین.

لەم بارەیەوە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە لۆهان رایانگەیاند گریگۆری زۆر بە توندی و بە شێوەیەکی دڕندانە لە لۆهانی دابوو و ئاسەوارەکانی لێدانەکەش بە سیمایەوە بە ئاشکرا دیار بوون، لەم بارەیەوە لیندسی رایگەیاند کە پێشتر چەندین جار گریگۆری توندوتیژی دژی بەکارهێناوە و لە جیاتی ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر بەرین و بیر لە پەروەردە کردنی منداڵەکانمان بکەینەوە لە داهاتوودا، ئەمە گۆڕا بۆ توندوتیژی و لێدان و پەیوەندییەکی خێزانی ناسەقامگیر و هەرەشە لێکراو کە ئەستەمە خۆشەویستی بە تەنیا بتوانێت رزگاری بکات.

جگە لەوە وێنەگران چەندین وێنەی ڤیدیۆیی لۆهان و دەستگیرانەکەیان بڵاوکردەوە کە لە ئۆتۆمبێلێکی رەشدا قسەی ناشیرینیان بە ئاشکرا بە یەکتر دەوت، تەنانەت لۆهان مۆبایلی گریگۆریی لە ئۆتۆمبێل فڕێدایە دەرەوە و خۆی لە پەنا پیاوێك شاردەوە بۆ ئەوەی بیپارێزێ لە لێدانی گریگۆری، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بە ئاشکرا و لە شوێنێکی گشتی زۆر بە توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵ کرد.

بە گوێرەی چەند هاوڕێیەکی نزیکی لۆهان ئەم رەفتارە چەندین جاری دیکە لە زۆر شوێن دووبارە بۆتەوە و ئەمە یەکەم جار نییە.





## بێوار عزەت:

# بۆ پێشخستنی هونەری کوردی پێویستە دەزگایەکی تایبەت هەبێت

وەک هونەرمەندێکی گەنج و بەتوانا بەر لە چەند ساڵێک دەرکەوت، دواتر بە هۆی ئەوەی رووی لە وڵاتی غەریبی کرد، بۆ ماوەیەک کارەکانی روویان لە کەمبوونەوە کرد، بەم دواییە هونەرمەندی لاو بێوار عزەت بە چەند کارێک دەرکەوتەوە، بۆ باسکردن لەسەر دوایین کاری خۆی و چەند پرسێکی هونەری ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** جیاوازی کاری هونەری لە کوردستان و دەرەوە لە چیدا دەبینیت؟**

- کاری هونەری لە دەرەوەی کوردستان بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، چونکە هونەر بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، مخابن لە کوردستان ئەو گرنگییە پێویستە بە هونەر نەدراوە، بەڕای من دەبوایە لەم ساتەوەختەدا کەلێنەکانی نێو بواری هونەر لە ڕێگای مۆسیقاوە پڕبکرێنەوە، هیوادارم لە کوردستان زیاتر بیر لە بەها پیرۆزەکانی هونەر بکرێتەوە و مافی شایستەی خۆی پێ بدرێت.

*** سەرەتا بە گۆرانی مەرجانێ زۆر بەهێز دەرکەوتن، بەڵام دواتر ون بووی هۆکارەکانی ئەم ونبوونە چی بوون؟**

- ڕاستە، من سەرەتا بە گوڕ و تینێکی بەهێزەوە هاتمە نێو بواری هونەری بۆ ئەوەی لە ڕێگای هونەرەوە کە ئارەزووەکی سەرەکی من بوو، هەستەکانی خۆم دەرببڕم، بەڵام هەندێک جار بارودۆخ وا دەخوازێت بۆ بەردەوام بوون و باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری کەمێک ون بی، بۆیە ئێستا من بەردەوامم.

*** ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندە گەنجەکان لە کوردستان چین؟**

- ئەو گەنجانەی کە حەز و ئارەزوویان لە کاری هونەرییە بە عەشقەوە دێنە نێو بواری هونەری و کاری جوانیش پێشکەش دەکەن، بەڵام مخابن زۆر شت هەیە دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەمیان، بۆ نموونە تا ئێستا لە کوردستان مەڵبەندێکی ئەکادیمی نییە کار لەسەر ئاستی هونەر و هونەرمەندان بکات و پۆلینێکی ڕاست و درووستیان بۆ بکات ئەمەش وایکردووە هەر کەسێک لەلایی خۆیەوە کار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات، دامەزراندنی مەڵبەندێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی بنبڕ کردنی ئەم ئاستەنگانە.

*** تا چەند هونەرمەندە گەنجەکان بوونەتە هۆکارییپێشخستنی هونەری کوردی؟**

- بێگومان هونەرمەندە لاوەکان کاری زۆریان کردووە کە مەبەستیان لێی خزمەت کردنی هونەری کوردی بووە، تەنانەت بەشێکیان کاری کلاسیکیشیان پێشکەش کردووە، بۆیە پێویستە شوێنێک هەبێت کە ئەم گەنجانە کۆ بکاتەوە و سوود لە بەهرەکانیان وەربگیرێت.

*** بۆ گەنجەکان پشتبەستن بە فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردەواری گرنگترە، یان نوێخوازی؟**

- بێگومانە هەر هونەرمەندێکی لاو پێویستە هەوڵ بدات سوود لە فۆلکلۆری ڕەسەنی میللەتەکەی خۆی وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکانی خۆی بە فۆلکلۆر جوانتر و ڕازاوەتر بکات.

*** هونەری کوردی بە چی پێشدەکەوێ؟**

- هەر هونەرمەندێک بە دیرۆک و کەلتووری خۆیەوە پەیوەستە، بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی پێویستە هونەرمەندانی کورد زانیاری و شارەزایی تەواویان لەسەر فەرهەنگ و کەلتووری ڕەسەنی خۆیان هەبێت کە دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی هونەری کوردی

*** ئایا حکومەت تاکە بەرپرسیارە لەو ئاستەی ئێستا هونەری کوردی تێیکەوتووە؟**

- من دەڵێم ئەرکی حکومەت تەنیا ئەوەیە دەزگایەک یان بنکەیەك دابمەزرێنێت بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری هونەری و پێشخستنی هونەری کوردی، چونکە ئێمە خاوەن هونەرمەندی زۆر بە توانایین و هەر هەموویان کاریان کردووە بۆ خزمەت کردنی کاری هونەری، بەڵام ئەوەی بۆتە ڕێگر لەبەردەم هەموو هونەرمەندان بە گەنجان و خاوەن ئەزموونەکانیشەوە بریتییە لە نەبوونی دەزگایەک کە کارەکانیان ڕێک بخات و کۆیان بکاتەوە، چونکە هەموو هونەرمەندان ئامانجیان پێشخستنی هونەری کوردییە بە هەموو ژانرەکانیەوە.

***زۆر کەس ڕەخنە لەو سروودانە دەگرن کە لە ماوەی ڕابردوودا بۆ نیشتمان و پێشمەرگە وتراوە لەلایەن هونەرمەندان ڕای تۆ چییە سەبارەت بەم سروودانە؟**

- هەر میللەتێک خاوەنی چەندین سروود و گۆرانی نیشتمانی تایبەت بە خۆیەتی، ئێمەی کوردیش لەمە بەدەر نین و تا ئێستا بە دەیان سروود و گۆرانی نیشتمانی کوردی و بەردەوامیشە کە گوزارشت لە قارەمانیەتی و خەباتی نەپساوەی میللەتەکەمان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان دەکات کە ئەمەش نیشانەی زیندوویی میللەتەکەمانە، بەڵام پێموایە تاکی کورد پێویستی بە سروودی زیاتر هەیە کە هەست و نەستەکانی تێر بکات، چونکە میللەتەکەمان ئازاری زۆری چەشتووە و پێویستە زیاتر گوزارشتیان لێ بکات.

*** دوایین کاری هونەرییتان چییە کە بەنیازن پێشکەشی بکەن؟**

- لەم کاودانەدا زۆر گرنگ و پێویستە بنەماکانی هونەری کوردی پێش بخەین و بیخەینە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە و ئامانجی سەرەکیمان ببێتە هەوڵدان بۆ درووستبوونی دەوڵەتی کوردی، منیش بەشێک لە ئەلبوومی داهاتووی خۆم بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.